# The Impact of the Blended Teaching Strategy on Developing Visual Thinking among Social Studies Students

(Excerpt from a PhD Dissertation)

Soran HamaAmeen Ahmad [1], Hassan Fakhradin Khalid[2]
University Of Sulaimani

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2574.47*

*Published: 15/1/2025*


## *Abstract*

*This study aimed to determine the effectiveness of integrated teaching strategies in the development of visual thinking among third-year students in the Department of Social Sciences, Faculty of elementary education, Sulaimaniyah University. To achieve the goal of the study, the experimental method was used. The research community consists of 79 third-year students at the Department of Social Sciences, Sulaymaniyah University for the academic year (2022-2023). A sample of 60 students was selected and divided into two groups. Each group consists of 30 students, the first was divided into the control group to study the subject through regular teaching and the other 30 students to the experimental group to study the strategy of blended teaching; - 19 students were dismissed due to tie and absence. The sample was matched according to age, intelligence and skill level variables, then a 20-paragraph Visual Thinking Skills Test was conducted, which consists of five skills, and includes four questions for each skill. the equation of the study was the SPSS program. Through conducting preliminary and dimensional tests, data collection and statistical analysis, the research concluded the following: there is a statistically significant difference between the average scores of students of the experimental group and the control group. The use of blended learning strategies has a great impact on the development of visual thinking for the subject of modern and contemporary Iraqi history in the third year of the Department of Social Sciences. There is also a statistically significant difference between the arithmetic averages of the pre-and post-test in the students of the experimental group in the development of visual thinking. Teachers are recommended to pay attention to the use of contemporary teaching strategies, especially blended teaching strategies.*


***Keyword***: *Blended Learning, Visual Thinking, history, Strategy , Development*

# کاریگەریی ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی لەلای خوێندکارانی بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان

م. ی. سۆران حمەامین احمد
زانکۆی سلێمانی
soran.hamaamin@univsul.edu.iq

پ. ی. د. حسن فخرالدين خالد
زانکۆی سلێمانی
hassan.khallid@univsul.edu.iq

## پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، بریتیە لە دیاریکردنی کاریگەریی ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی لەلایەن خوێندکارانی قۆناغی سێیەمی بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆی سلێمانی. بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، میتۆدی ئەزموونگەری بەکارهاتوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە ٧٩ خوێندکاری قۆناغی سێیەمی بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی پێکهاتوە، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢- ٢٠٢٣). نموونەیەکی٦٠خوێندکاری هەڵبژێردراوە و دابەشی سەر دوو گرووپ کراون. بە شێوەیەک، کە ٣٠ خوێندکار بۆ گرووپی کۆنترۆڵکراو دابەشکراون، تا بە ڕێگای وانەوتنەوەی ئاسایی بابەتەکە بخوێنن و ٣٠ خوێندکاریش بۆ گرووپی ئەزموونگەری، تا بەستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە بخوێنن؛ ١٩ خوێندکاریش بەهۆی هاوتاکردن و ڕێژەی ئامادەنەبوون لەوانەکە دوورخرانەوە. هەروەها نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی تەمەن و ئاستی زیرەکی و گۆڕاوی ئاستی کارامەیی پێشووتر هاوتاکراوە و دواتر، تاقیکردنەوەیەکی ٢٠ بڕگەیی تایبەت بە کارامەییەکانی بیرکردنەوەی بینینی، کە لە (٥) کارامەیی پێکهاتبوو بۆ هەر کارامەییەک (٤) پرسیار لەخۆدەگرێت لە جۆری تاقیکردنەوەی گوتارییبوون، چونکە پێویستیان بە ڕاڤە و لێکدانەوە هەبوو پاشان ڕاستگۆیی ڕێژەی هاوتایی لە نێوان هەڵسەنگێنەران بە ڕێژەی (٨٠٪) بەسەرەوە وەرگیرا، پاشان بەهای جێگیری بە ڕێژەی (٩١٪) بۆ تاقیکاریەکە وەرگیرا، هاوکێشەی بەکارهاتوو بۆ توێژینەوەکە بەرنامەی (spss)، دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکە و کۆکردنەوەی داتا و زانیاریەکان و ڕاڤە و شیکردنەوەی ئاماریی توێژینەوەکە گەیشتوە بەو ئەنجامەی، کە جیاوازیەکی ئاماریی بەرچاو لە نێوان تێکڕای نمرەی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونگەری و گرووپی کۆنترۆڵکراو هەیە. بەکارهێنانی ستراتیجی خوێندنی ئاوێتە لەسەر گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی بۆ بابەتی مێژووی عێراقی نوێ و هاوچەرخ لە قۆناغی سێیەمی بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان کاریگەری بەرزی هەیە. هەروەها

جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشینە و تاقیکردنەوەی پاشەکی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی. باشتر وایە مامۆستایان گرنگی بە بەکارهێنانی ستراتیژیە هاوچەرخەکانی وانەوتنەوە بدەن بە تایبەتی ستراتیژی فێرکردنی ئاوێتە.

وشە کلیلیەکان: (فێرکردنی ئاوێتە، بیرکردنەوەی بینینی، بابەتی مێژوو، ستراتیژ، گەشەپێدان)

یەکەم:

### ١-١ کێشەی توێژینەوەکە:

هەروەک زانراوە لە سالانی (٢٠٢٠ و ٢٠٢١) بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە جیهان ڕووبەڕووی دۆخێکی تەندروستیی ناهەموار بوویەوە، ئەمەش وایکردوە خوێندن لە ناو کەمپەس بەردەوام نەبێت و لە بەرانبەردا خوێندنی ئەلکترۆنی وەک جێگرەوەیەک بۆ سیستەمی خوێندن دیاریکرا، لەهەمان کاتدا خوێندکاران نەیاندەتوانی زانیاریەکان وەک پێویست لە ڕێگەی سیستەمی ئەلکترۆنیەوە وەربگرن، بەهۆی ئەوەی لەم سیستەمەدا وانەوتنەوە و گفتوگۆکردن و پرسیار و وەڵام بۆ خوێندکاران کەمتر دروستدەبێت، هەروەها مامۆستایان لە ڕێگەی ئەم سیستەمەوە ناتوانن خوێندکارەکانیان بە شێوەیەکی باش بناسن و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەن بە بەراورد بە وانەوتنەوە و فێرکردنی ناو کەمپەس، هەروەها گۆڕینی بڕیارەکان و ڕێکارەکانی جێبەجێکردن لە هەردوو وەزارەتی خوێندنی باڵا و پەروەردەدا ڕاڕایی تەواویان پێوەدیاربوو، چونکە چەندین ستراتیجی خوێندن بە نیوەچڵی و بەنیگەرانیەوە لە هەرێمی کوردستاندا ئەزموون کران (میکە، ٢٠٢٠، ٦)، بەڵام هێشتا دڵنیایی نەداوەتە بەرپرسانی هەردوو وەزارەتی پەروردە و خوێندنی باڵا، کە کام ستراتیژی خوێندن دەتوانێت باشتر و زانستیتر و تەندروستتر و واقیعیتر بێت! لەکاتێکدا باش دەزانرا، کە سیستەمی پەروەردە لە سەردەمی پێش کۆرۆنا و دوای کۆرۆناشدا کارەساتبارە و پێویستە هەرچی زووە ژێرخانی پەروەردەیی ببوژێنرێتەوە و پەنا ببرێتە بەر

ســـتراتیجیەتە هاوچەرخەکان و ســـوود لە تەکنەلۆژیای نویێ وەربگیریێت و پەرە بە فێرکردنی خودی بدریێت.

بۆیە بەباشـــزانرا، کە بەدواداچوونێکی زانســـتی بۆ کاریگەریی خوێندنی ئاوێتە وەک ســـتراتیجێکی نویێ، لە بواری زانســـتە کۆمەڵایەتیەکاندا بەتایبەتتر لە بواری زانســـتی مێژوویدا بکریێت، چونکە بابەتی مێژوو گرنگی و پێگەی خۆی هەیە لەنێو ســـەرجەم زانســـتەکاندا بۆ ئەو مەبەســـتەش بابەتی بیرکردنەوەی بینینیە لەلای خوێندکارانی زانکۆ وەک گۆڕاوی پاشـــکۆ لەبەرچاو گیراوە تا بەدواداچوونی مەیدانی بۆ بکریێت، لەبەرئەوەی بیرکردنەوە بۆ خوێندکار بە یەکێکە لەو فاکتەرە گرنگانە ئەژماردەکریێت، کە یارمەتی باشـــترکردنی ئەدایان دەدات، بەمەش پرۆســـەی فێربوونیان بەهێز، و توانای هیزریان فراوانتر دەکات، هەر لەبەرئەوەیە گەشـــەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی بە گرنگ دەزانریێت، ئەوەش پشـــت بە شـیوە و وێنە و هێما و نەخشـــەکان دەبەستێت. هەروەها وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی مامۆستا لە پۆلدا لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی بینینیە، کە نوێنەرایەتی پرۆســـە عەقڵی و معریفیەکان دەکات و باشـــتر وروژاندن بۆ خوێندکار دروستدەکات تا وێنەکان لە یادەوەریدا بچەسپن. (**خضور، ٢٠٢١:** ٦٥)

قۆنـاغی زانکۆ بە یەکێـک لەو قۆنـاغە گرنگـانە هەژمـاردەکریێـت، کە دەتوانریێت توانـاکـانی بیرکردنەوە فێربکریێن، ئەمەش بەهۆی تایبەتمەندیی عەقڵی و دەروونی و گەشەکردنی جەستەیی خوێندکاران لەم قۆناغەدا، کە یارمەتییاندەدات بۆ فێربوون توێژینەوەکان ئاماژەیان بەوە کردوە، کە خوێندکارانی زانکۆ لە قۆناغی گەشـــەکردنی جەســـتەیی و عەقڵی گۆڕانکاریی ڕەفتاری خێرادان، هەروەها دەروونناسـەکان پێیانوایە، کە لە بواری تواناکانی بیرکردنەوەدا خوێندکارانی ئەم قۆنـاغە بە دوو قۆنـاغی پەروەردەدا تێدەپەڕن: یەکەمیـان، قۆنـاغی فێرکردنی پرۆســـەی هەستیەکانە و دووەمیان قۆناغی فێرکردنی پرۆسەی عەقڵیە. دەکریێت لە ڕێگەی ئەم دوو قۆناغە پەروەردەیەوە خوێنـدکـارەکـان ڕابهێنریێن لەســـەر بەکـارهێنـانی توانـاکـانی بیرکردنەوە و

پەرەپێدانیان، بۆ ئەمەش پێویستە گرنگیی زیاتر بدرێت بە هەڵبژاردنی پرۆگرام و ستراتیجی وانەوتنەوەی شیاو لەم قۆناغەدا (**صالح**: ٢٠٠٨، ٤). پرسیاری سەرەکی و بنەڕەتیی ئەم تویژینەوەیەش بریتیە لە (ئایا ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە کاریگەریی هەیە لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی بۆ بابەتی مێژووی هاوچەرخی عێراق لەلای خوێندکارانی بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان لە زانکۆی سلێمانی؟).

### ١_٢ گرنگیی تویژینەوەکە:

ستراتیجەکانی فێرکردن ئامرازێکی سەرەکین، کە لە ڕێگەیانەوە مامۆستایان بۆ هەموو قۆناغەکان لە گشت ناوەندەکانی خوێندندا دەتوانن ئامانجە ویستراوەکانی پەروەردە بەدەستدەهێنن، جا ئامانجەکان بۆ هەر بابەت و پرۆگرامێک بن بەو پێیەی ستراتیج و ڕێگە و شێوازەکانی وانەوتنەوە لەلایەن مامۆستایانەوە وابەستەی کۆمەڵێک شارەزایی دەکرێن بۆ گەیشتن بە گەشەکردنی هەمەلایەنە و یەکگرتوو بۆ بنیاتنانی مەعریفە لەلای خوێندکاران بە مەرجێک ئامانجە پەروەردەیەکان و بابەتە زانستیەکە یەکتری تەواوبکەن. (الواكيل و محمود، ٢٨، ٢٠٠١) هەر لەم چوارچێوەیەدا، دەتوانرێت گرنگیی ئەم تویژینەوە لە چەند خاڵێکدا بخرێتەڕوو، کە بریتین لە:-

١. بە سوودوەرگرتن لە ئەنجامی تویژینەوەکە، وەزارەتی خوێندنی باڵا دەتوانێت وەک بەشێک لە بەرنامە و کاری وەزارەت کار بە ڕاسپاردەکانی بکات بۆ دۆخی لەناکاو و نەخوازراوی دیکەی هاوشێوەی کۆرۆنا.

٢. بایەخ و سوودی ڕاستەوخۆی لەسەر ئاستی فێربوونی خوێندکاران دەبێت بەهۆی دەستنیشانکردنی باشترین ستراتیجی وانەوتنەوەوە.

### ١_٣ ئامانجی تویژینەوەکە:

دیاریکردنی کاریگەریی ســــتراتیجی فێرکردنی ئاوێتە لە گەشـــەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی بۆ بابەتی مێژووی عێراقی هاوچەرخ لەلای خوێندکارانی بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان لە زانکۆی سلێمانی.

## ١_٤ گریمانەی توێژینەوەکە:

١. **گریمانی یەکەم:** هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی(٠، ٠٥)لە تاقیکردنەوەی پاشـەکی لە نێوان هەردوو ناوەندی ژمێرەیی بۆ جیاوازیەکانی نمرەکانی هەردوو گرووپی ئەزموونی و گرووپی کۆنترۆڵکراودا نییە بۆ کاریگەری و وەرگرتنی وانە بەستراتیجیەتی خوێندنی ئاوێتە بۆ گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی.

٢. **گریمانی دووەم:** هیچ جیاوازیەکی، بەڵگەداری ئاماری لە ئاســـتی (٠، ٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشـــینە و تاقیکردنەوەی پاشـــەکی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی نییە.

## ١_ ٥ دیاریکردنی سنووری توێژینەوەکە:

- سـنووری بابەتی: کاریگەریی سـتراتیجی فێرکردنی ئاوێتە لە گەشـەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی.
- سنووری مرۆیی: خوێندکارانی قۆناغی سێیەمی بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان.
- ســـنووری شـــوێنی: بەشـــی زانســـتە کۆمەڵایەتیەکانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆی سلێمانی.
- سنووری کاتی: ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢ – ٢٠٢٣).

## ١_٦ پێناسەی چەمک و زاراوەکان:

ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت :-

- محمد (٢٠٢٠) ســـتراتیجی فێرکردنی ئاوێتە بەو شـــێوازی فێرکردنە پێناســـە کردوە، کە فێرکردنی نەریتی پۆلەکان (ڕووبەڕوو) و فێرکردنی ئەلیکترۆنی (ئۆنلاین و ئۆفلاین)

تێکەڵاودەکات لەگەڵ هەندێک چالاکیی گەڕانی ئەلیکترۆنی لە ئینتەرنێتدا بە بەکارهێنانی کەرەستە ئەلیکترۆنیە جیاوازەکانی پەیوەندیکردن وەک ئیمەیل و کلاسرووم بۆ پەیوەندیکردن لە نێوان مامۆستا و خوێندکار لە دوورەوە. ( محمد، ٢٠٢٠، ٥٠١)

- پێناسەی ڕێککاری ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە: بریتیە لەو ستراتیجە هاوچەرخەی فێرکردن، کە بەهۆی دەرکەوتنی بەڵای کۆڤید ١٩ وە دەرکەوت، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی وەک بژاردەیەکی ناچاری پەنای بردەبەر بۆ ڕزگاربوون لەو دۆخە نالەبارە، ئەویش بە ئاوێتەکردنی تەکنەلۆژیای مۆدێرن لەگەڵ شێوازە نەریتیەکانی وانەوتنەوە بۆ ئەوەی خوێندکاران بتوانن سوود لە پرۆسەی فێرکردن وەربگرن بەو شێوازەی، کە لە توانادا هەیە بەو نمرەیە دەپێورێت، کە خوێندکارەکان بەدەستی دەهێنن لە تاقیکاریەکەدا.

## پێناسەی بیرکردنەوەی بینینی:

عبيد وعفانة (٢٠٠٣): ئەو پرۆسەی بیرکردنەوەیەیە، کە لە ڕێگەی عەقڵەوە ئەزموون و شارەزاکان بە شێوەیەکی نوێ ڕێکدەخرێتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی دیاریکراو، بە جۆرێک ئەم پرۆسەیە بریتیە لە بەدیهێنانی پەیوەندیی نوێ لە نێوان ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ئەو بابەتەی، کە دەبێ چارەسەربکرێن، وەک بەدیهێنانی پەیوەندیەکانی نێوان گریمانە و ئەنجامەکان و پەیبردن لەنێوان هۆکار و دیاردەکان، پەیوەندی لە نێوان گشت و تایبەت و نێوان ناسراو و نەناسراودا. (عبيد وعفانه، ٢٠٠٣: ١٦)

پێناسەی ڕێککاری بیرکردنەوەی بینینی: بیرکردنەوەی بینینی توانایەکی عەقڵی و هزریە، کە خوێندکار دەتوانێت بەدەستیبهێنێت بۆ ئەوەی بەکاریبهێنێت بۆ پەیبردن بەو واتا و ئاماژە و زانیاریانەی، کە بەر هەستی بینینی دەکەون، وەک وێنە، خەت، شێوە، نەخشە، هێڵکاری، هێما و

ڕەنگەکان، گۆڕینی ئەو ئاماژانە بۆ زمانی زارەکی، یان زمانی نووســـراو بۆئەوەی  بە ئاســـانی لە پێکهاتەی مەعریفیی خۆیدا بیهێڵێتەوە.

## دووەم: چوارەچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو

### ٢-١ -١- چەمکی ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە:

کاتێک دێینە سـەر باسـی تێگەشـتنی سـتراتیجی فێرکردنی ئاوێتە دەردەکەوێت، کە تێگەشـتنێکی کۆن و تازەی هەیە و ڕەگی کۆنی هەیە، لە زۆرینەیاندا باســـی لێکدانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە و ڕێگاکانی دەکات لەگەڵ هۆکارە جۆراوجۆرەکان و زۆر جۆر ناوی لێدەنرێت (ابو الريش، ٢٠١٣، ١٣) وەک: (فێربوونی تێکەڵاو، فێربوونی ئــاوێتە، فێربوونی هــایبرد، فێربوونی یەکگرتوو، فێربوونی دوانەیی).

فێرکردنی ئـاوێتە، یەکێکە لە گرنگترین دەرهـاوێشـــتەکانی پەروەردەی هـاوچەرخ، کە بەهۆی پیشـــکەوتنی تەکنەلۆجیاوە دەرکەوتوە، فێرکردنی ئەلیکترۆنی بەشـــێکی دانەبڕاوە لە خوێندنی ئاوێتەدا.

### ٢-١-٢- تایبەتمەندیەکانی ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە:

تێکەڵکردنی خوێندنی ڕاســـتەوخۆ (ڕووبەڕوو) و کارلێککردن لەگەڵ تەکنۆلۆجیا دەکرێت ببێتە هۆی فێربوونێکی باشـتر و خێراتر، هەروەک چۆن یارمەتیاندەدات بۆ زیاتر سـەرنج خسـتنە سـەر تـاکەکـان و کـارلێکیـان لەگەڵ تەکنۆلۆجیـای فێرکردن و پەرەســـەندنیـان، ئەوەش بە بەکـارهێنـانی تۆڕی پەیوەنـدیی نێودەوڵەتی و نـاوخۆیی. هەنـدێـک لە تـایبەتمەنـدیەکـانیش وەک ئەمانەی خوارەوە:-

١. فەراهەمکردنی ژینگەیەکی چالاکی بەردەوام، چونکە پەیوەندیی ڕووبەڕوو لەخۆدەگرێت، ئەمەش کارلێکی نێوان مامۆســـتا و خوێندکار و خوێندکاران لە نێوان خۆیاندا زیاد دەکات.
٢. هانی خوێندکاران دەدات، کە بە تەنها پشـــت بە ئامادەبوون لە پۆلدا نەبەســـتن، بەڵکو جیهانی فراوانی ئینتەرنێتیشی لەگەڵدا بەکاربێنن.

٣. ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە دەبێتە هۆی دەرفەت ڕەخساندن بۆ تێپەڕاندنی سنوورەکانی کات و شوێن لە پرۆسەی خوێندندا بە بەدەستهێنانی زانیاری لە ئینتەرنێتەوە.
٤. گۆڕان لە شێوازی وانەبێژی لە فێرکردن بۆ فێرکردنێک، کە سەرنج بخاتە سەر خوێندکار.
٥. هەلی زیاتر بۆ لێکنزیکبوونەوەی نێوان خوێندکاران و مامۆستاکانیان و نێوان خوێندکارەکان خۆیان دەڕەخسێنێت. (عوض وایاد، ، ٢٠١٢، ٤٠٤)، (داود، ٢٠١٣، ٣٢٦)

### ٢-١-٣- باشیەکانی فێرکردنی ئاوێتە :-

زۆرێک لە نووسینەکان باسیان لە سوودەکانی فێرکردنی ئاوێتە کردوە بەم شێوەیە:-

- بە ئاسانی ڕەچاوی جیاوازیی تاکایەتی دەکرێت لە دەستەبەرکردنی هەموو پێداویستیە تاکەکەسیەکان و شێوازەکانی فێربوون بۆ خوێندکاران بەپێی کات و ئاست و تەمەنە جیاوازەکانیان. (الخزرجي و علي، ٢٠١٨، ٨)
- زۆربەی بابەتە زانستیەکان، فێرکردنیان بە شێوەی ئەلیکترۆنی قورسە، بە تایبەتی لێهاتوویە ئاست بەرزەکان، بەڵام فێرکردنی ئاوێتە لە توانایدایە چارەسەرەی ئەم جۆرە کێشانە بکات.
- لە فێرکردنی ئاوێتەدا ئازادی بە خوێندکار دەدرێت بۆ هەڵبژاردنی ئەو سەرچاوە فێرکاریانەی، کە لەگەڵ پێداویستیە زانستیە جیاوازەکانیاندا گونجاوە.
- بەگەڕخستنی بەرنامە ئەلکترۆنیەکان لە هەڵوێستە فێرکاریەکاندا، کات و ماندووبوونی مامۆستا و خوێندکار کەمتر دەکاتەوە بە بەراورد بە پەروەردەی نەریتی. (السبيعي و القباطي، ٢٠٢٠، ٥٥٩)

### ٢- ١- ٤- بیرکردنەوەی بینینی

یەکێک لەو شێوازانەی بیرکردنەوە بەهۆی گرنگیەکەیەوە بۆتە جێگەی سەرنجی توێژەران بیرکردنەوەی بینینییە، کە کاریگەریەکی فراوانی لە پرۆسەی فێربووندا هەیە، چونکە لە توانایدایە بە شێوەیەکی خێرا گۆڕانکاری بەسەر بیرۆکەکاندا لەلای خوێندکار بهێنێت، هەروەها یارمەتیدەرە بۆ تۆمارکردنی بیرۆکە و زانیاریی نوێ بە شێوەیەکی ڕێکخراو، بیرکردنەوەی

بینینی لە ڕێکخستنی زانیاریە ئاڵۆزەکان و جیاکردنەوەی ڕەنگ و وێنە و شێوەکان، کە دەکەونە بەرچاو دەستێکی باڵای هەیە و سوودێکی زۆری لە پرۆسەی فێربووندا بۆ هەڵهێنجاندنی زانیاری نوێ بە خێرایی و شارەزایانە هەیە (مهدی، ٢٠٠٦: ٢٩).

## ٢- ١- ٥- گرنگیی بیرکردنەوەی بینینی

١. یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە جیهان و ژینگەی دەوروبەری.
٢. پەرە بە توانا عەقڵی وهزریەکان دەدات لەلای خوێندکاران.
٣. گەشە بە تێبینکردن و تێڕامانی ورد دەدات لای خوێندکار.
٤. عەقڵی خوێندکار ئازاد دەکات لە هەموو ئەو کۆت و بەندانەی لەسەریەتی.
٥. یارمەتی مامۆستا دەدات لە گەیاندنی زانیاریەکان و بەدیهێنانی ئامەنجەکانی وانەکەی (الخضور، ٢٠٢٢: ٦٥).

## ٢-١-٦- تایبەتمەندیەکانی بیرکردنەوەی بینینی

١. بە بنچینەی دروستبوونی بابەتەکانە دادەنرێت، کە ئەو بناغەیە دەبێتە کەرەستەی بنەڕەتی بۆ دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان بابەتەکان و تێگەیشتن لێیان.
٢. توانای گۆڕینی ئەو زانیاریانەی کە لەسەر وێنەکان دەنووسرێن و وێنای بیرۆکەی بینینی جۆراوجۆر دەکەن هەروەک دەتوانرێت شێوەکان بەپێی هەڵوێستە فێرکاریەکان بگۆڕێن.
٣. لەبارە بۆ تاوتوێکردن و قسە لەبارەوەکردن
٤. ئاسان بەکارهێنان: دەتوانرێت بە ئاسانی پۆلێنبکرێت و بەکاربهێنرێت.
٥. زۆرترین کەرەستە، تەکنیک، وشە، هێما و نەخشەی پێویستە. (صقر، ٢٠١٨ :٢٢٠)

## ٢-١- ٧- پێکهاتەکانی بیرکردنەوەی بینینی

١. **وێنە:** وێنەیەکی بەرجەستە دەربارەی دیاردەیەک، یان شتێک، کە دواجار ئاسانکاری دەکات بۆ تێگەیشتن لە دیدیگایەک، هەروەها دەبێتە وروژێنەر بۆ ئەندیشەکان.

٢. **ئەندێشەکردن:** پرۆسەی دروستکرنی وێنەیەکی نوێیە لەرێگەی دووبارە دارشتنەوە و ئەزموونەکانی پێشوو و خەیاڵە عەقڵیەکان، دەبێتە هێزێکی پاڵنەر بۆ وێنە و کەرەستەی خاوی دیدگاکان.

٣. **دیدگا**: توانای پەیبردنە بە رەگەزەکانی وێنە بە هەستی بینین بۆ دیاریکردن و تێگەیشتنی خوێندکار لە وێنە بینراوەکە، هەروەها ئامرازێکی بەهێزکردنی وێنە و ئاراستەکردنی پرۆسەی خەیاڵکردنە. (عافشی، ٢٠١٨: ٢٧)

### ٢-٢-١- توێژینەوەکانی پێشوو

| | |
|---|---|
| ناونیشانی توێژینەوە | کاریگەری ستراتیژی نەخشەسازی زەینی لە پەرەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی لەلای خوێندکارانی کچەکانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی لەبابەتی پەروەردەی ئیسلامیدا. |
| ناوی توێژەر وساڵ وشوێن | اریج اسماعیل خلیل ابراهیم . ٢٠١٩ پەروەردەی نەینەوا |
| ئامانجی توێژینەوە | زانینی کاریگەری ستراتیژی نەخشەسازی زەینی لە پەرەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی لەلای خوێندکارانی کچەکانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی لەبابەتی پەروەردەی ئیسلامیدا. |
| کۆمەڵگەو نموونە | هەموو خوێندکارانی قۆناغی چوارەمی ناوەندی کچان لە سەنتەری پارێزگای نەینەوا بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٧ – ٢٠١٨ ی زایینی) لەخۆدەگرێت، کەژمارەیان ٧٨ خوێندکاربووە. |
| میتۆد و ئامرازی توێژینەوە | ئەزموونگەری تاقیکاری ، تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بینینی |
| هاوکێشەی ئاماری | تیتێست دوو نموونەی و هاوکێشەی ریچاردسۆن |
| دەرنجامی توێژینەوە | هیچ جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو لە نێوان تێکرای گەشەکردنی بیرکردنەوەی بینینی لە گروپی تاقیکاری (ئەزموونگەری) نییە ،کە بە بەکارهێنانی ستراتیژی نەخشەسازی دەروونی بۆ تاقیکردنەوەکانی پێش و دوای تاقیکردنەوەکان لێکۆڵینەوەیان کردووە. |
| سەرچاوە | (ابراهیم . ٢٠١٩، ٣١٢ -٣٣١) |

| | |
|---|---|
| ناونیشانی توێژینەوە | کاریگەری فێرکردنی ئاوێتە لەسەر پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە لای خوێندکارانی هەشتەمین بابەتی بنەڕەتی لە مێژوودا |
| ناوی توێژەر وساڵ وشوێن | فاطمة اکرم عثمان عثمان . ٢٠٢١ / زانستی پەروەردە – زانکۆی الشرق الاوسط |
| ئامانجی توێژینەوە | پێوانەکردنی ئاستی کاریگەری فێرکردنی ئاوێتە لەسەر پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە لای خوێندکارانی هەشتەمین بابەتی بنەڕەتی لە مێژوودا |
| کۆمەڵگەو نموونە | سەرجەم خوێندکارانی پۆلی هەشتەم لە قوتابخانە ناحکومیەکانی قەزای وادي السير، لە ماوەی وەرزی یەکەمی ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢٠- ٢٠٢١) ،کە ژمارەیان گەیشتە (٨١٣) خوێندکار بەپێی ئامارێکی وەزارەتی پەروەردە / بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی تایبەت بۆ ساڵی (٢٠٢٠-٢٠٢١) لەو ڕێژەییەش (٦٠) خوێندکاریان لێهەڵبژێردراوە. |
| میتود و ئامرازی توێژینەوە | نیمچە ئەزموونگەری ، ڕاپرسی |
| هاوکێشەی ئاماری | ئیتا سکور و ئەنۆڤا |
| دەرنجامی توێژینەوە | ئەنجامەکان دەریانخست، کەجیاوازییەکی ئاماری بەرچاو لە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەدا لە بەرژەوەندی خوێندکارانی گروپی تاقیکاریدا هەبووە، کە بە فێرکردنی ئاوێتە لە تاقیکردنەوەی پاشەکیدا، تا خوێندوویانە. |
| سەرچاوە | (عثمان، ٢٠٢١: ٨، ٦٠ – ٧٠) |

## ٢-٢-٢- بەراوردکردنی توێژینەوەکانی پێشوو بە توێژینەوەی بەردەست:

لە ڕووی میتۆدەوە توێژینەوەکەی (اریج، ٢٠١٩ ) میتۆدی ئەزموونگەری بەکارهێناوە و توێژینەوەی (فاطمة، ٢٠٢١) میتۆدی نیمچە ئەزموونگەری بەکارهێناوە، لەکاتێکدا توێژینەوەی بەردەست میتۆدی ئەزموونگەری بەکارهێناوە. لە ڕووی ئامانجی توێژینەوەوە ئامانجیان جیاوازە بەپێی سروشتی توێژینەوەکە، توێژینەوەی (اریج، ٢٠١٩ ) زانینی کاریگەری ستراتیژی نەخشەسازیی زەینی لە پەرەپێدانی بیرکردنەوەی بینراو لە نێوان خوێندکارانی کچی پۆلی چوارەم لە پەروەردەی ئیسلامیدا. توێژینەوەی (فاطمة، ٢٠٢١) پێوانەکردنی ئاستی کاریگەریی فێرکردنی ئاوێتە لەسەر پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە لای خوێندکارانی هەشتەمین بابەتی بنەڕەتی لە مێژوودا، بەڵام توێژینەوەی بەردەست ئامانجی زانینی گاریگەریی ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتەیە لەسەر گەشەپێدانیی بیرکردنەوەی بینینی لەلای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی لە ڕووی قەبارەی کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکان جیاوازن بەپێی ئامانج و سروشتی توێژینەوەکان هەرچی توێژینەوەی (اریج، ٢٠١٩ ) هەموو خوێندکارانی قۆناغی چوارەمی ناوەندی کچان لە سەنتەری پارێزگای نەینەوا بۆ ساڵی

خوێندنی (٢٠١٧ – ٢٠١٨ ی زایینی) لەخۆدەگرێت. هەرچی (فاطمة، ٢٠٢١) سەرجەم خوێندکارانی پۆلی هەشتەم، کە قوتابخانە ناحکومیەکانی (قەزای وادي السير) لە ماوەی وەرزی یەکەمی ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢٠- ٢٠٢١)، کە ژمارەیان گەیشتە (٨١٣) خوێندکار بەپێی ئامارێکی وەزارەتی پەروەردە / بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی تایبەت بۆ ساڵی (٢٠٢٠-٢٠٢١)، بەڵام توێژینەوەی بەردەست کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لەخوێندکارانی قۆناغی سێیەمی بەشی زانستەکۆمەڵایەییەکان لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆی سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢ – ٢٠٢٣) پێکهاتووە، کە ژمارەیان بریتییە لە ( ٧٩) خوێندکار، (٦٠) خوێندکاریان بەسەر دووگروپی ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکراودا دابەشکراوە توێژینەوەکەی(اریج، ٢٠١٩ ) ئامڕازی پێوانەکردنەکەی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بینینی بووە، هەرچی توێژینەوەی(فاطمة، ٢٠٢١) ئامرازی ڕاپرسی بەکارهێناوە، بەڵام توێژینەوەی بەردەست ئامرازی تاقیکردنەوەکەی بریتیە لە تاقیکاریەک بۆ پێوانەکردنی ئاستی گەشەی بیرکردنەوەی بینینی بەکار هیناوە، کە هەڵهێنجراوی ناوەڕۆکی بابەتەکەبووە.

## ٢-٢- ٣- ئاستی سودبینین لەتوێژینەوەکانی پێشوو

- سوود بینین بەمەبەستی دروستکردنی پێوەریی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بینینی بۆ بابەتی مێژوو
- سوودبینین لە ڕووی داڕشتنی کێشەکە بە شێوەیەکی زانستی.
- سوود وەرگرتن بە مەبەستی بەراوردکاری لەڕووی زانستییەوە.

## سێیەم: ڕێککارەکانی توێژینەوەکە

**٣-١- میتۆدیی توێژینەوەکە:** بەو پێیەی ئامانج لەم توێژینەوەیە(زانینی کاریگەری ستراتیجیی فێرکردنی ئاوێتەیە لەبەدەستهێانی گەشەپێدانیی بیرکردنەوەی بینینی ) هەر بۆیە میتۆدی

(ئەزموونگەری) بەگونجاو زانرا، لەبەرئەوەی لەم میتۆدەدا تاقیکردنەوەی گریمانەیی و ئەزموونی بەکاردەهێنرێت، دەتوانرێت بڕیار بەسەر پەیوەندی نێوان دوو هۆکار، یان دوو گۆڕاو بدرێت، چونکە لەسەر بنەمای کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوەکان دامەزراوە بۆ ئەوەی کاریگەری گۆڕاوە سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوە پاشکۆ بزانێت بە بەراوردکردنی ئەنجامەکانی پێشینە و پاشەکی تاقیکردنەوەکەی.

**٣-٢- دیزاینی ئەزموونگەری توێژینەوەکە:** هەڵبژاردنی دیزاینی ئەزموونگەری بریتییە لە بەرنامەیەکی کار و نەخشەیەک بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکە و دیاریکردنی بارودۆخ و هۆکارەکانی دەوروبەری دیاردەی لێکۆڵینەوەکراو، کە لە ڕێگەیەوە توێژەر دەتوانێت گریمانەکان هەڵبژێرێت و بگاتە ئەنجامێکی ڕاستگۆیانە لە نێوان گۆڕاوە سەربەخۆکان و پاشکۆکاندا (منسي، ٢٠١١: ٢٣٤)، توێژینەوەکە پێویستی بە هەڵبژاردنی دیزاینی ئەزموونگەرییە، کە پێویستە تاقیکردنەوەی پێشینە (پێشەکی) و تاقیکردنەوەی پاشەکی یە(پاشەکی) ئەنجامبدەدرێت، ئەو دیزاینەش شێوەیەکی مەبەستدار هەڵبژێردراوە بەپێی ناونیشانی توێژینەوەکە. بۆ هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراوە، کە یەکێکە لە دیزاینی ئەزموونگەرییە بەهێزەکان، وەک لە خشتەی ژمارە (١)دەردەکەوێت .

خشتەی(١) دیزاینی ئەزموونگەری توێژینەوەکە

| گروپی | گۆڕاوی شوێنکەوتە تاقیکردنەوەی پێشینەنە | گۆڕاوی سەربەخۆ | تاقیکردنەوەی پاشەکی |
| --- | --- | --- | --- |
| ئەزموونگەری | گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی | ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە | گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی |
| کۆنترۆڵکراو | | ڕێگای وانەوتنەوە ئاسایی | |

(ئامادەکردنی توێژەر)

**٣-٣- کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:** کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لەخوێندکارانی قۆناغی سێیەمی بەشی زانستەکۆمەڵایەییەکان لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆی سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢ – ٢٠٢٣) پێکهاتووە، کە ژمارەیان بریتییە لە (٧٩) خوێندکار.

**٣-٤- نمونەی توێژینەوەکە:** نموونە بەشێکە لەو کۆمەڵگاییەی، کە توێژینەوەی لەسەری ئەنجام دەدرێت و لەلایەن توێژەرەوە هەڵیدەبژێردرێت بەپێی یاسای تایبەت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دروست نوێنەرایەتی کۆمەڵگا بکات. (داود، ٢٠١١، ٦٧) بەپێی دیزاینی ئەزموونی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی نموونەی توێژینەوەکە لەبەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان خوێندکارانی (قۆناغی سێیەم) هەڵبژێردرا، بۆساڵی (٢٠٢٢-٢٠٢٣ ) لەبەر ئەوەی لەم قۆناغەدا خوێندکاران تاڕادەیەکی باش ئاشنای خوێندنی زانکۆیی بوون و بابەتەکانیشیان زیاتر تیۆرییە لە چاو قۆناغی چوارەم تارادەیەک بابەتەکانیان کردەیە ئەمەش لەڕووی کارگێڕییەوە ئاسانتر بوو بۆ وەرگرتنیان وەک نمونەی توێژینەوە .بۆ ئەومەبەستەش، بە شێوەیەکی ورد داتا و زانیاریەکانی دەربارەی خوێندکاران کۆکرایەوە، دواتر ڕێکخستن و جیاکردنەوەی زانیاریەکان ئەنجامدرا و بەیەکسانی لەڕووی ژمارەوە بۆ دوو گروپ(ئەزموونی، کۆنترۆڵکراو) دابەشکراون بە شێوەیەکی هەڕەمەکی، بۆ ئەوەی ئەنجامێکی بابەتی بۆ توێژینەوەکەی بەدەست بهێنێت، وەک لە خشتەی ژمارە (٢) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (٢) نمونە توێژینەوەکە

| گروپ | ڕێگای وانەوتنەوە | ژمارەی خوێندکار | خوێندکاری دوورخراوە |
|---|---|---|---|
| ئەزموونگەری | ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە | ٣٠ | ١١ |
| کۆنترۆڵکراو | ڕێگای ئاسایی | ٣٠ | ٨ |
| ژمارەی کۆتایی نموونەی توێژینەوەکە | | ٦٠ | ١٩ |

**٣-٥- هاوسەنگکردنی گروپەکانی توێژینەوەکە:** بەمەبەستی بەدەستهێنانی هاوسەنگی لەنێوان خوێندکارانی هەردوو گروپی (ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکراو)دا، بەپێی ئەو گۆڕاوانەی،

کە ڕەنگە کاریگەریەکانیان بە شـــێوەی ئەرێنی یان نەرێنی، لە ســـەر ئەنجامی توێژینەوەکە هەبێت، دەستکرا بە هاوسەنگکردنیان بەم شێوەیەی خوارەوە :-

**٣-٥-١- گۆڕاوی تەمەن:** گۆڕاوی تەمەن، پەیوەندی بە گەشـــەکردنی توانســـتە عەقڵی ومەعریفی و زانسـتی وکۆمەڵایەتی وجەسـتەیی وهەسـتی وبیرکردنەوەی خوێندکارانەوە هەیە، لەبەر هەبوونی پەیوەندی لە نێوان گۆڕاوی تەمەن و توانا عەقڵی وپەیبردنەکانی خوێندکاراندا، هەربۆیە لەبەرچاوەنەگرتنی جیاوازی تەمەنی خوێندکاران، دەکرێت کاریگەری لەســـەر ئەنجامی توێژینەوەکە هەبێت، بۆ ئەو مەبەســـتەش زانیارییە پێویســـتەکان لەســـەر تەمەنی خوێندکارانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەبەپێی(ڕۆژ و مـانـگ و ســـاڵ) وەک چۆن لەڕەگەزنـامەی بـاری شـارسـتانیەکانیانەوە، دواتر بەهای ناوەندی ژمێرەیی ولادانی پێوەری وبەهای(ت) هەژمارکراو بۆتێکرای تەمەنەکانیان لەڕێگەی بەکارهێنانی هاوکێشـــەی ئاماری (spss) وتاقیکردنەوەی(t-test)بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بۆ دەرکرا، وەک ئەوەی لە خشتەی ژمارە (٣) دا خراوەتەروو.

**خشتەی (٣) ئەنجامی کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوی تەمەن لە نێوان هەردوو گرووپ**

| گرووپ | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) | | نمرەی ئازاد | بەڵگەداری ئاماری لەئاستی (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونگەری | ٣٠ | ٢٩٣ | ٤، ٨٦٨ | ٠،٣٣ | ٢،٠٤٨ | ٥٨ | بەڵگەدارنییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٣٠ | ٢٩٤ | ٤، ٨٨٦ | | | | |

وەک لە خشتەی ژمارە (٣)دا دەردەکەوێت، بەهای(ت) هەژمارکراو یەکسانە بە(٠، ٣٣)، ئەمەش کەمترە لەبەهای خشـــتەیی، کە یەکســـانە بە(٢، ٠٤٨)، بەپێی نمرەی ئازاد(٥٨)، لەئاســـتی بەڵگەداری ئـامـاری(٠، ٠٥)، واتـا هـیـچ جیـاوازییەک لەنێوان تەمەنی خـوێـنـدکـارانی هەردووگرووپی(ئەزموونگەری، کۆنترۆڵکراو)دا نییە، کەواتە هـاوســـەنگن لەڕووی گۆڕاوەی تەمەنەوە

**٣-٥- ٢- ئـاســـتی زیرەکی:** بۆ زیـاتر دڵنیـابوون لە دیزاینی توێژینەوەکە، هەوڵدرا بۆ کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوی زیرەکی لە نێوان خوێنـدکـارانی هەردوو گرووپی ئەزموونی

وکۆنترۆڵکراودا ئەوەش بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی زیرەکی بە ناوی (iq-test)[١] تاقیکردنەوەیەکی وێنەییە لە جۆری هەڵبژاردن لە چەند دانەیەک، کە لە (٣٩) برگە پێکهاتووە، بە تێکڕای ماوەی (٣٩) خولەک وەڵام دەدرێتەوە، لە ساڵی (٢٠٠٣) لەلایەن (Andersen Jensen) لە شاری (مەنسا) ی دانیمارک دیزاین کراوە. ئەم تاقیکردنەوەیە بێ لایەنە و لەسەر بنەمایەکی لۆژیکی دامەزراوە و زیرەکی گشتی دەپێوێت بەئاسانی لەڕێگەی تەکنەلۆجیاوە ئەنجامەکە دێتەدەست، هەربۆیە بەسەر خوێندکارانی هەردوو گرووپی (ئەزموونگەری، کۆنترۆڵکراو ) دا جێبەجێکرا، پاشان نمرەپێدانی ئاماریی بۆ داتاکان کرا هەروەها ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری وبەهای(ت) هەژمارکراو، لە ڕێگەی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (t-test) بۆ داتاکان هەر دوو نموونەکە بدۆزرێتەوە، وەک لە خشتەی (٤) دا خراوەتەڕوو .

**خشتەی(٤) ئەنجامی کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوی زیرەکی لە نێوان هەردوو گروپ**

| گرووپی | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) هەژمارکراو | بەهای (ت) خشتەیی | نمرەی ئازاد | بەڵگەداری ئاماری لەئاستی (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونگەری | ٣٠ | ٣٦.٥٥ | ٨.٥١ | ٠.٩٣٦ | ٢.٠٤٨ | ٥٨ | بەڵگەدارنییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٣٠ | ٣٨.٩١ | ٨.٢٢ | | | | |

وەک لە خشتەی (٤) دا دەردەکەوێت بەهای (ت) هەژمارکراویەکسانە بە (٠، ٩٣٦) ئەمەش کەمترە لە بەهای خشتەیی، کەیەکسانە بە(٢، ٠٤٨)، بەپێی نمرەی ئازاد (٥٨) لەئاستی بەڵگەداری ئاماریی (٠، ٠٥) کەواتە هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماریی لە نێوان ئاستی زیرەکی خوێندکارانی هەردوو گرووپی (ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکراو)دا نییە، واتە هاوسەنگن لە گۆڕاوی زیرەکییدا .

**٣-٥-٣- ئاستی زانیاری و کارامەیی پێشووتر** بە مەبەستی زانینی ئاستی (زانیاری و شارەزایی) خوێندکاران گرووپی (ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکراو) توێژەر گریمانەیەکی لەبەرچاوگرت، بەوەی، کە هیچ جیاوازیەکی ئاماری لە نێوان نمرەی خوێندکارانی گرووپی (ئەزموونگەری وکۆنترۆڵکراو)دا لە ئاستی بەڵگەداری ئاماریی(٠.٠٥) بۆ زیاتر کۆنترۆڵکردنی

[١] . http://www.mensa.dk/iqtest

تاقیکردنەوەی پێشـــینە نییە، بۆ زانینی ئاســـتی کارامەیی خوێندکارانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەربـارەی گۆڕاوی بیرکردنـەوەی بینینی، پێش دەســـتپێکردن بە جێبەجێکردنی ئەزموونی توێژینەوەکە، تاقیکردنەوەیەکی شـارەزایی بەسـەر خوێندکارانی هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا جێبەجێکرا، پـاشــــان بەهـای نـاوەنـدی ژمێرەیی لادانی پێوەری بەهـای(ت) هەژمـارکراو لە ڕێگەی بەکـارهێنـانی (t-test)ی دوو نموونەی ســــەربەخۆ ئەنجـامـدرا بۆ دۆزینەوەی نمرەکانیان وەک لە خشتەی ژمارە (٥)دا ڕوونکراونەتەوە.

**خشتەی (٥) کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوی ئاستی کارامەیی پێشووتر دەربارەی بیرکردنەوەی بینینی**

| گرووپ | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) | | نمرەی ئازاد | بەڵگەداری ئاماری لەئاستی (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونگەری | ٣٠ | ١٠ | ٣.٢٠ | ٠.٢٦ | ٢.٠٤٨ | ٥٨ | بەڵگەدارنییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٣٠ | ٩ | ٤.٥٣ | | | | |

وەک لە خشـــتەی (٥)دا دەردەکەوێت، بەهای(ت ) هەژمارکراو یەکســـانە بە (٠.٢٦)، ئەمەش کەمترە لە بەهای خشـــتەیی، کە یەکســـانە بە (٢، ٠٤٨)، بەپێی نمرەی ئازاد (٥٨) و لە ئاســـتی بەڵگەداری (٠، ٠٥)، کەواتە هیچ جیاوازیەکی ئاماریی لە نێوان ئاســـتی کارامەیی خوێندکارانی هەردوو گرووپی (ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکراو)دا نییە، هەروەهـا بەو پێیە دەتوانین بڵێین هەردوو گرووپەکە هاوسەنگن لە ڕووی ئەم گۆڕاوەوە.

**٣-٦- دیـاریکردنی گۆڕاوەکـان و کۆنترۆڵکردنیـان:** بۆ گەیشـــتن بە ئـاســـتێکی بـاڵا لە کۆنترۆڵکردنی ئەزموونی توێژینەوەکە، هـەوڵـدراوە کـاریگەریی کۆمەڵێـک گۆڕاو و فـاکتەری پەیوەندیدار بە گرووپەکانی تایبەت بە تاقیکاری توێژینەوەکە پەکبخرێت، یان کەمبکرتەوە، کە کاریگەریی ئەوتۆیان دەبێت لەســـەر ئەنجامی توێژینەوەکە، بۆ ئەو مەبەســـتە و لەپێناوی بەدیهێنانی دروستیی ناوەڕۆک و دەرەکی ئەزموونی توێژینەوەکە ئەنجامدرا.

**٣ - ٦ - ١ دروســـتیی ناوەڕۆک:** لە بەرئەوەی بەدەســـتهێنانی دروســـتیی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە، بەنـدە بە ئـاســـتی کۆنترۆڵکردنی ئەو هۆکـارانەی، کە دێنە نێو پرۆســـەی ئەزموونکردنەکەوە، بۆ ئەو مەبەستە چەند ڕێکاریەک پێڕەوکران:-

**أ- ئەو بارودۆخانەی لە کاتی پرۆســـەی ئەزموونکردنی توێژینەوەکەدا ڕوودەدەن:**

هەندێکجار ڕووداوێکی ناو پرۆســەکە، یان لە دەرەوەی پرۆســەکە، دەبێتە هۆی گۆڕینی گۆڕاوی پاشکۆی توێژینەوەکە بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵدرا بە درێژایی کاتی ئەزموونکردنی توێژینەوەکە، هەمان بارودۆخ بۆ خوێندکارانی هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو دەســـتەبەر بکرێت، جێگەی ئاماژەیە هیچ ڕووداوێکی نەخوازراو و لەناکاو ڕوویندا، کە کاریگەریەکی ئەوتۆی بەسەر ئەزموونکردنی توێژینەوەکەوە هەبێت. ( ابوحويج: ٢٠٠٢، ١٢٢)

**ب- ئەو پرۆســـانەی پەیوەندیان بە گەشـــەوە هەیە:** بۆ ئەوەی ئەو جۆرە گۆڕانکاریانە کاریگەریان لەســـەر ئاســـتی وەڵامدانەوەی خوێندکارانی هەردوو گرووپی (ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکراو) نەبێت. توێژەر هەســـتا بە ڕێکخســـتنی تەمەنی خوێندکاران لەڕێگەی ناســـنامەی باری شارستانیەوە. دوای کۆکردنەوەی داتا و زانیاریەکان و دانانیان بە شێوەیەکی هاوسەنگ لە هەردوو گرووپەکەدا جگە لە جێبەجێکردنی ئەزموونی توێژینەوەکە بەســـەر خوێندکارانی هەردوو گرووپەکە لە هەمان ماوە و کاتدا، هەروەها لە کاتی پرۆســـەی ئەزموونکردنی توێژینەوەکەدا، هەوڵدرا ڕێز لە ڕاوبۆچوون و توانای ســـەرجەم خوێندکارەکان بگیرێت بەبێ جیاوازی و مامەڵە لەگەڵیاندا بەپێی ئاســـتەکانیان بکات لە چوارچێوەی ژینگەیەکی فێرکاریی ئارام و شـــیاودا، بەم جۆرەش دەتوانین بڵێین کاریگەریی ئەم گۆڕاوە، تا ڕادەیەکی باش کۆنترۆڵکرا.

**ج- ڕێکاریەکان و تاقیکردنەوەی پێشـــینە:** لەبەرئەوەی یەکەمین تاقیکردنەوەی خوێندکارانی گرووپەکانی توێژینەوەکە، دەبێتە دەستپێکی پرۆسەی ئەزموونکردنەکە و خۆی لە تاقیکردنەوەی سەرتایی بۆگۆڕاوی پاشکۆ (بیرکردنەوەی بینینی)دا دەبینێتەوە، ئەگەری هەیە کاریگەریی لەســەر تاقیکردنەوەکانی ئاینده و ئەنجامی نمرەکانی خوێندکاران هەبێت. بۆ نموونە، ئەگەر تاقیکردنەوەکان دووبارەبکرێنەوە،

ڕەنگە خوێندکاران وەڵامەکانیان بگۆڕن، یان زانیاریی زیاتر سەبارەت بە پرسیارەکان کۆبکەنەوە، کە دەبنە هۆی کاریگەریی لەسەر گۆڕاوە پاشکۆکە (**المشهداني**: ٢٠١٨، ٨٠)

به پێویست زانرا له پرۆسەی تاقیکاری توێژینەوەکەدا چارەی پێشهاتەکان بکرێت، کە ڕەنگە لەکاتی پراکتیزەکردنی تاقیکردنەوە پێشینەکەدا ڕوویدات، پاشان دەستبکرێت بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە لە کاتی دیاریکراو بۆ هەردوو گرووپی (ئەزموونگەری، کۆنترۆڵکراو)، ئەمە جگە لە جێبەجێکردنی ڕێکاریەکانی ئەزموونی توێژینەوەکە بە شێوازێکی زانستی و بابەتی بەپێی تایبەتمەندیەکانی گۆڕاوی سەربەخۆی ئەزموونیی توێژینەوەکە و بەم جۆرەش هەوڵی کۆنترۆلکردنی ئەم گۆڕاوە درا.

## ٣-٧- ئامادەکردنی پێوەری گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی:

لەبەر نەبوونی پێوەرێکی گونجاو بۆ پێوانەکردنی بیرکردنەوەی بینینی بۆ بابەتی مێژووی نوێ و هاوچەرخی عێراقی قۆناغی سێهەمی بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان کە لەگەڵ پێداویستیەکانی ئەم توێژینەوەیە بگونجێت، توێژەر پێوەرێکی ئامادەکرد بە سوودوەرگرت لەسەرچاوەکان و توێژینەوەکانی پێشوو و پێداچوونەوەی بە هەندێ ئەدەبیاتی پەیوەست بە بیرکردنەوەی بینینی، ئەم هەنگاوانەی خوارەوەی پەیڕەو کرد بۆ ئامادەکردنی ئەم پێوەرە:

١. دارشتنی برگەکان بە زمانێکی دروست و بێگرێ بێت. (أبو علام، ٢٠٠٧: ٤٠٠)
٢. باشتر وایە هەریەکەیان ڕستەی سادە و ئامانجدار بن.
٣. پێویستە پێوەرەکە لە بابەتی ئەرێنی و نەرێنی پێکهاتبێت بە مەبەستی کەمکردنەوەی وەڵامی ئاسایی.
٤. دوورکەوتنەوە لە بابەتی ناڕوون و دیارینەکراو. (الباوي، ١٩٩٧: ١٧٨)

لەژێر ڕۆشنایی ئەم هەنگاوانەی سەرەوە بۆ پێوانەکردنی ئاراستەی خوێندکاران هەردوو گرووپی ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەکانی پێشینە و پاشەکی، توێژەر پێوەرێکی

ئامادەکرد کە لە (٢٣) بڕگە پێکهاتبوو بە شێوەیەکی سەرەتایی داڕێژرا، لە شێوەی پرسیاری گوتاری، دواتر بە مەبەستی زانینی هەندێک لایەنی سایکۆمەتریی تایبەت بە ڕاستی و هێزی جیاکاریی بڕگەکان و نەگۆڕیی پێوەرکە ئەم ڕێکاریانە جێبەجێکران:

**٣-٧ -١- ڕاستگۆیی پێوەر:** بۆ بەدەستهێنانی ڕاستگۆیی توێژەر پێوەرەکەی خستە بەردەستی (١٣) شارەزا و پسپۆڕانی بواری (مێژوو، ڕێگاکانی وانەوتەوە، پێوانە و هەڵسەنگاندن و دەروونناسی) بۆ وەرگرتنی ڕاوبۆچوونیان لەسەر ڕادەی شیاویی هەر بڕگەیەک لە بڕگەکان لە ڕووی داڕشتنی زمانەوانی و زانستیەوە و گونجاندنیان لەگەڵ ئاستی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە، پاشان ڕێژەی هاوتا لە نێوان هەڵسەنگێنەران بە ڕێژەی (٨٠٪) بەسەرەوە وەرگیرا، پشتبەست بەڕاوبۆچوونی هەڵسەنگێنەران لەکۆی (٢٣) بڕگە (٣) بڕگە لابران و گۆڕانکاری لە داڕشتنی چەند بڕگەیەک کرا، بەم شێوەیەش پێوەرەکە بە شێوەی کۆتایی (٢٠) بڕگەی لەخۆگرت.

**٣-٧- ٢- جێگیریی پێوەر:** بۆ بەدەستهێنانی جێگیریی پێوەر چەند شێوازێک هەیە، توێژەر شێوازی (دووبارە تاقیکردنەوە)ی بەکارهێنا لە سەر نموونەیەکی هەڕەمەکی، کە ژمارەیان (٢٠) قوتابی بوون لە زانکۆی هەڵەبجە لە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی(١٤/ ١١/ ٢٠٢٢)، جیاوازیی کات لە نێوان تاقیکردنەوەی یەکەم و دووەم نزیکەی (دوو هەفتە) بوو بۆ جاری دووەم تاقیکردنەوەکە لەسەر هەمان نموونە جێبەجێکرا، پاش هەڵچنی وەڵامەکان بە بەکارهێنانی هاوکۆلکەی پەیوەندی (پێرسۆن) لە نێوان تێکڕای نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەکە دەرکەوت، کە بەهای جێگیریی پێوەر (٩١٪)، ئەم بەهایەش شیاوە و دەتوانین پشتیپێبەستن بۆ ئەم جۆرە پێوەرە، لەو ڕووەوە (العودة)جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە ڕێژەی جێگیریی قبوڵکراو(٧٠٪) سەرووتر بێت ئەوا بە پێوەرێکی زۆر گونجاو دادەنرێت (العودة، ٢٠٠٢ :٢٧٩).

**٣-٨- جێبەجێکردنی ئەزموونی توێژینەوەکە:** ماوەی جێبەجێکردنی ئەزموونکردنەکە بۆ خوێندکارانی هەردوو گرووپی (ئەزموونگەری، کۆنترۆڵکراو) بریتی بوو لە سیانزە هەفتە،

هەفتەی یەکەمی تەرخانکرا بۆ پێدانی ڕێنمایی تاقیکردنەوەی پێشـــینە بۆ هەردوو گرووپ تایبەت بە بیرکردنەوەی بینینی، پاشـان وانەکان بەپێی ســتراتیجی فێرکردنی ئاوێتە بۆ گروپی ئەزموونی وەک پلانی داڕێژرابوو. هەروەها ڕێگای ئاســـایی (نەریتی)بۆ گرووپی کۆنترۆڵکراو وترانەوە و بۆ هەر وانەیەک (دوو کاتژمێر) لە هەفتەیەکدا تەرخانکرابوو بۆ هەر گرووپێک، ئەوەش بەرەچاوکردنی ئەو کاتەی، کە بۆ خوێندکارانی قۆناغی ســـێهەم لە بەشـــی زانســـتە کۆمەڵایەتیەکان لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی بۆ ســـاڵی خوێندنی (٢٠٢٢ – ٢٠٢٣) دیاریکراوە، ســـەرەتای وانەوتنەوەکەش لە کۆرســـی دووەمی خوێندن لە ڕێکەوتی (٥ /٢ / ٢٠٢٣) دەستپێکرد و پاشان کۆتایی پرۆسەی ئەزموونکردی توێژینەوەکە لە ڕێکەوتی (٢٣ /٤ / ٢٠٢٣) دا بوو، وەک لە خشتەی (٦) دا ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (٦) ڕێکەوتی دەستپێکردن و کۆتاییهێنانی خوێندن بە ئیستراتیجەتی خوێندنی ئاوێتە.**

| گرووپی | کاتی دیاریکراو وانە | دەستپێکردنی وانەکان | کۆتایی وانەکان |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | دوو کاتژمێر | ( ٢٠٢٣ /٢ /٥) | (٢٠٢٣ /٤/٢٣) |
| کۆنترۆڵکراو | | | |

## ٣-٩- ئامرازە ئاماریەکان:

ســـوود لە پرۆگرامی (SPSS) هەگبەی ئاماری بۆ زانســـتە کۆمەڵایەتیەکان ڤێرژنی(26) وەرگیراوە بۆ بەکارهێنانی ئەم ئامرازە ئاماریانەی خوارەوە:

تاقیکردنەوەی(t)تائی بۆ دوو نموونەی سەربەست (Independent Sample T-Test)

$$T.test = \frac{X_1 + X_2}{\sqrt{\frac{(n_1 - 1)A_1^2}{n_1 + n_2 - 2} + \frac{(n_2 - 1)A_2^2}{n_1 + n_2 - 2} * \left(\frac{1}{n_1} + \frac{1}{n_2}\right)}}$$

- هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (Person Correlation Coefficient)

$$r = \frac{\sum XY - \frac{(\sum x)(\sum y)}{n}}{\sqrt{\left[\sum_X 2 - \frac{(\sum X)^2}{n}\right] * \left[\sum_Y 2 - \frac{(\sum Y)^2}{n}\right]}}$$

هاوکۆلکەی دووجاری ئیتاو:

بۆ خستنەڕووی قەبارەی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ

هاوکۆلکەی کۆهین:

بۆ دۆزینەوەی نرخی قەبارەی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر پاشکۆکان

## چوارەم: ئەنجام و ڕاسپاردە

**گریمانی یەکەم: هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماریی لە ئاستی(٠، ٠٥)لە تاقیکردنەوەی پاشەکی لە نێوان هەردوو ناوەندی ژمێرەیی بۆ جیاوازیەکانی نمرەکانی هەردوو گرووپی ئەزموونی و گرووپی کۆنترۆڵکراودا نییە بۆ کاریگەری و وەرگرتنی وانە بەستراتیجیەتی خوێندنی ئاوێتە بۆ گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی.**

بۆ سەلماندنی ڕاستیی ئەم گریمانەیە، توێژەر ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ بەراوردکردنی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشەکی بۆ گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی خوێندکاران هەردوو گرووپی توێژینەوە دەرهێنا بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تایی (T.test) بۆ هەردوو گرووپی ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکراو لەڕێگەی بەرنامەی ئاماریی (spss). لە ئەنجامدا دەرکەوت نرخی (T) ئەژمارکراو، کە(٣.٩١٧) نمرە بوو گەورەتر بوو لە نرخی خشتەیی، کە(٢.٠٠٠)، بە نمرەی ئازاد(٥٨)، لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥). بڕوانە خشتەی (٧)

خشتەی (٧) تاقیکردنەوەی (تی) پاشەکی بۆ جیاوازیی نێوان ناوەندەژمێری بۆ نمرەی گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی

| گروپ | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | نرخی تایی | | ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونگەری | ٦٠.٢٠٠٠ | ١١.١٠٨٨٧ | ٥٨ | ٣.٩١٧ | ٢.٠٠٠ | بەڵگەدارە |
| کۆنترۆڵکراو | ٥٠.٠٦٦٧ | ٨.٧٩٦٢٩ | | | | |

ئاماژەکردن بەخشتەی ژمارە(٧)دا دەردەکەوێت، کە بەهای (ت) ئەژمارکراو یەکسانە بە(٣.٩١٧) بەهای خشتەیی یەکسانە بە(٢.٠٠٠) نمرەی ئازاد بریتییە لە (٥٨) لە ئاستی بەڵگەداریی (٥٠،٠)دایە. لەبەر ئەوەی، کە بەهای (ت) ئەژمارکراو گەورەترە لە بەهای خشتەیی، بۆیە ئاماژەیە بەوەی، کە جیاوازی لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پاشەکیدا هەیە، بەراورد بە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی خوێندکارانی گرووپی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پاشەکی لە ئاستی وەرگرتنی لە بەرژەوەندیی گرووپی خوێندکارانی ئەزموونیە، کە بە شێوەی پرۆگرامێکی خوێندنی ئاوێتە خوێندویانە. واتە ڕەتکردنەوەی گریمانەی یەکەم، کە ئاماژە بەوە دەکات جیاوازی نییە لەنێوان هەردوو نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشەکیی هەردوو گرووپەکە، قبوڵکردنی گریمانەی جێگیرەوە، واتە هەبوونی جیاوازی لە نێوان هەردوو نمرەکانی تاقیکردنەوەکاندا. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی پرۆگرامێکی خوێندنی ئاوێتە تایبەت بە مامۆستا و خوێندکاران بە شێوەی ئامادەکراو کاریگەریی زۆری لەسەر گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی بۆ خوێندکارانی قۆناغی سێیەمی بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان هەیە بەراورد بە خوێندکارانی گرووپی کۆنترۆڵکراو، کە بە شێوەیەکی ئاسایی خوێندویانە.

## جیاوازیی نێوان نمرەی خوێندکارانی هەردوو گرووپی توێژینەوەکە لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بینینی

بۆدۆزینەوە و زانینی قەبارەی کاریگەریی گۆڕاوی (سەربەخۆ)لەسەر گۆڕاوی(پاشکۆ) تایبەت بە بەکارهێنانی لە قەبارەی جیاوازی بەکارهێنراوی دوای (t)، کە جیاوازیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕاوی سەربەخۆ (خوێندنی ئاوێتە)، پاشان بە گۆڕینی بەهای (ت) ئەژمارکراو

بۆ بەهای (D) ئاماژەیە بۆ دەرکەوتنی قەبارەی ئەو کاریگەریە، کە بە شـێوەیەی سـێ ڕەهەندیە وەک (بچووک، ناوەند، گەورە)، بەو شێوەیەی، کە لە خشتەی(٨)دا خراوەتەڕوو.

خشتەی ژمارە (٨) قەبارەی کاریگەریی خوێندنی ئاوێتە

| ئامرازی بەکارهاتوو | قەبارەی کاریگەری | | | |
|---|---|---|---|---|
| | بچوک | ناوەند | گەورە | زۆر گەورە |
| (n2) | ٠.٢ | ٠.٥ | ٠.٨ | ١.٣ |
| (d) | (٠.٤ –٠.٢) | ( ٠.٧ – ٠.٤) | (١.١ – ٠.٨) | (١.١ – زیاتر) |

(البكل،٢٠١٦: ٢٥)

بۆ دیاریکردنی قەبارەی کاریگەریی خوێندنی ئاوێتە لەســـەر جیاوازیی ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشــەکیی گۆڕاوی پاشـکۆ بۆ هەردوو گرووپی ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکراو لە گەشـــەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی هەردوو گرووپ، هـاوکێشـــەی ئـامـاری (ئیتـا و کۆهین) بەکارهێنراوە ($n^2$)(d) هەروەک لە خشتەی ژمارە(٩)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی(٩) کاریگەریی خوێندنی ئاوێتە لەسەر تاقیکردنەوەی پاشەکیی گەشەپێدانی بیرکردنەوەی** بینینی

| گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پاشکۆ | بەهای (تی) | نمرەی ئازاد | بەهای (د) | قەبارەی کاریگەر |
|---|---|---|---|---|---|
| فێرکردنی ئاوێتە | گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی | ٣.٩١٧ | ٥٨ | ١.٠٢ | گەورە |

ئاماژەکردن بە خشـــتەی (٩) دەردەکەوێت، کە قەبارەی کاریگەری خوێندنی ئاوێتە گەورەیە لە جیاوازی نمرەی تاقیکردنەوەی پاشەکی گۆڕاوی پاشکۆ گرووپی ئەزموونگەری وکۆنترۆڵکراو لە گەشـــەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی لای خوێندکارانی قۆناغی ســـێ یەمی بەشـــی زانســـتە کۆمەلایەتییەکان، کە بەهای (D)ئەژمارکراو یەکسانەبە(١.٠٢)، کە ئەمەش بەهایەکی گەورەیە.

**گریمانی دووەم: هیچ جیاوازیەکی، بەڵگەداری ئاماریی لە ئاســـتی (٠، ٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشـــینە و تاقیکردنەوەی پاشـــەکی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی نییە.**

مەبەسـتی ئەنجامی ئەم گریمانەیە، ئەوەیە، کە ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی بۆ نمرەکانی تاقیکردنەوەی (پێشـــەکی و پاشـــەکی)گرووپی ئەزموونی دەرهێنراوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی

تاقیکردنەوەی(ت) (P.S. T. test) بۆ یەک نموونە و دۆزینەوەی بەهای (ت)هەژمارکراو بە بەراورد بە (ت) خشـــتەیی لە گەشـــەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی، ئەنجامی گریمانەکە بەدیارکەوت، هەروەک لە خشتەی ژمارە (١٠) داخراوەتەڕوو.  خشتەی ژمارە (١٠)

تاقیکردنەوەی (تی) بۆ جیاوازی نێوان ناوەندەژمێریی لە نمرەی بەدەستهاتووی گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی

| تاقیکردنەوەی | نموونە | گروپ | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | نرخی تایی | | ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | ئەژمار کراو | خشت ەیی | |
| پێشەکی | ٣٠ | ئەزموون ی | ٤٠.٤٠٠ | ٩.١٢٢٧٢ | ٥٨ | ١٣.٠٣٧ | ٢.٠٠٠ | بەڵگەدارە |
| پاشەکی | ٣٠ | | ٦٠.٢٠٠ | ١١.١٠٨٨ | | | | |

ئاماژەکردن بە خشـــتەی ژمارە(١٠)دا دەردەکەوێت، کە بەهای (ت) ئەژمارکراو یەکســـانە بە(١٣.٠٣٧) و بەهای خشـــتەیی یەکســـانە بە (٢.٠٠٠) نمرەی ئازاد بریتییە لە (٥٨)لە ئاســـتی بەڵگەداریی (٠،٠٥)دایە لەبەر ئەوەی، کە بەهای(ت ) ئەژمارکراو، گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەی، بۆیە ئاماژەیە بەوەی، کە جیاوازی هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی ئاستی وەرگرتنی گەشـــەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی لای خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشـــەکی پێش خوێندنی پرۆگرامەکە بەراورد بە تاقیکردنەوەی پاشـــەکی دوای خوێندنی پرۆگرامەکەدا، ئەوەش لە بەرژەوەندیی تاقیکردنەوەی (پاشـــەکی)دایە واتە ڕەتکردنەوەی گریمانەی (آ)، کە ئاماژە بەوە دەکات جیاوازی لە نێوان هەردوو تاقیکردنەوەکە و قبوڵکردنی گریمانەی جێگیرەوە نییە، واتە هەبوونی جیاوازی لە نێوان هەردوو تاقیکردنەوەکەدا.

## ئەنجام:

١. بەکارهێنانی ســـتراتیجی خوێندنی ئاوێتە لەســـەر گەشـــەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی بۆ بـابەتی مێژووی عێراقی نوێ و هـاوچەرخ لە قۆنـاغی ســـێیەمی بەشـــی زانســـتە کۆمەڵایەتیەکان کاریگەریی بەرزی هەیە.

٢. جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماریی هەیە لە تاقیکردنەوەی پاشـــەکی لە نێوان هەردوو ناوەندی ژمێرەیی بۆ جیاوازیەکانی نمرەکانی هەردوو گروپی ئەزموونی و گرووپی کۆنترۆڵکراودا بۆ کاریگەری و وەرگرتنی وانە بە ســـتراتیجیەتی خوێندنی ئاوێتە بۆ گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی، کە لە بەرژەوەندیی گرووپی ئەزموونگەریدا بوو.

٣. جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماریی هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی و نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشـــینە و تاقیکردنەوەی پاشـــەکی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بینینیدا، کە لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی (پاشەکی)دایە.

**ڕاسپاردە:**

١. باشـــتر وایە دامودەزگاکانی دەوڵەت بە تایبەتی وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتی پەروەردە و مامۆســتایان گرنگی بە بەکارهێنانی ســتراتیژیە هاوچەرخەکانی وانەوتنەوە بدەن، بە تایبەتی ســـتراتیژی فێرکردنی ئاوێتە بۆ فێرکردنی گەشـــەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی بەهۆی ئەو کاریگەرییە بەهێزەی، کە لەســـەر گەشـــەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی هەیەتی لەلای خوێندکاران.

٢. بەکارهێنانی ئەم جۆرە لە خوێندنی ئاوێتە ڕێگەخۆشـــکەرە بۆ ڕاهێنانی خوێندکاران و مامۆســـتایان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخە لەناکاو و نەخوازراوەکان، تا لەڕێگەی ئۆنلاینەوە خوێندکاران بێبەش نەبن لە خوێندن و وەرگرتنی زانیاری.

**پێشنیاز:**

١. ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە لە زانکۆکانی دیکەی هەرێمی کوردستان.

٢. ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە، کە تایبەت بێت بە زانستە سروشتیەکان.

٣. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک دەربارەی ئاســـتی بیرکردنەوەی بینینی لەلای خوێندکارانی زانکۆ.

## لیستی سەرچاوە

### سەرچاوەی بەزمانی عەرەبی


- ابتسام بنت عباس عافشي: (٢٠١٨)، التفكير البصري في تعليم الإملاء (دراسة تحليلية)، مجلد ٢٢ عدد، مجلة الفتح للبحوث التربوية والنفسية، العراق.
- إبراهيم، أريج إسماعيل خليل: (٢٠١٩)، أثر استراتيجية الخرائط الذهنية في تنمية التفكير البصري لدى طالبات الصف الرابع الإعدادي في مادة التربية الإسلامية، دراسات تربوية. مج. ١٢، ع. ٤٧، تموز ٢٠١٩
- إبراهيم، مجدي عزيز: (٢٠٠٤)، موسوعة التدريس. ج (أ١ – ت)، ط١، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان
- أبو الريش، إلهام حرب: (٢٠١٣)، فاعلية برنامج قائم على التعليم المدمج في تحصيل متعلمات الصف العاشر في النحو والاتجاه في غزة. (رسالة ماجستير غير منشورة، ) الجامعة الإسلامية، غزة، فلسطين
- أبو حويج، مروان، (٢٠٠٢) : البحث التجريبي المعاصر، دار اليازوري، عمان.
- الخزرجي، حمد جاسم محمد وعباس سلمان محمد علي: (٢٠١٨)، التعليم الالكتروني في العراق وأبعاده القانونية، مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، العدد، ١المجلد:، ٨ ص.
- خضور، عبير: ( ٢٠٢١)، تقييم معايير محتوى منهاج العلوم وفق مهارات التفكير البصري لدى طلاب مرحلة التعليم الأساسي، مجلة العلوم التربوية والنفسية، المجلد ٤العدد (٤٢) ص(٧٨-٤٢).
- داوود، عزيز حناء: (٢٠١١)، مناهج البحث العلمي والتربوي، دار أسامة للنشر والتوزيع، الاردن
- السبيعي، علي رسام هاجد و القباطي، علي عبد الله أحمد: (٢٠٢٠) واقع استخدام التعلم المدمج من وجهة نظر معلمي ومعلمات اللغة العربية في تدريس طلاب المرحلة الابتدائية، المجلة العربية للنشر العلمي :، العدد ٢١ ، جامعة بيشة ـ كلية التربية ـ المملكة العربية السعودية، ص.٥٥
- صالح، عبد الله عبد الكبير وآخرين: (٢٠٠٨)، معوقات تعليم مهارات التفكير في مرحلة التعليم الأساسي (دراسة ميدانية) الجمهورية اليمنية، مركز البحوث والتطوير التربوي فرع عدن.
- صقر، ناصح حسين سالم: (٢٠١٨)، لتحصيل الدراسي في الرياضيات لدى الأطفال ذوي صعوبات التعمم بالمرحمة الابتدائية، العلوم التربوية/ العدد الأول –جـ ١/يناير
- عبيد، وليم تاو خروس، عفانة عزو: (٢٠٠٣) النموذج المنظومي وعيون العقل، المؤتمر العربي الثاني حول المدخل المنظومي في التدريس والتعلم، القاهرة، مركز تطوير تدريس العلوم

- عبير ايمن الخضـــور: (٢٠٢٢)، فاعلية برنامج مقترح قائم على الألعاب التعليمية في تنمية مهارات التفكير البصري والتحصيل الدراسي لدى تلاميذ الحلقة الأولى من التعليم الأساسي، جامعة البعث، قسم تربية الطفل، سوريا
- العودة، احمد عودة المجيد: (٢٠٠٢)، الاحصــاء الوصــفي والاســتدلالي، ط١، مكتبة الفلاح للنشــر والتوزيع، الكويت
- عوض، حسـني محمد، واياد فايز ابو بكر: (٢٠١٢)، اثر اسـتخدام نمط التعلم المدمج في تحصـيل الدارســين في جامعة القدس المفتوحة/ فلســطين، مجلة العلوم التربوية والنفســية، المجلد (٢٠)(العدد١)
- محمد، فايز أحمد: (٢٠٢٠)، أثر اسـتخدام بيئة تعلم مدمج قائمة على التعلم التشـاركي والحوسـبة السـحابية في تنمية مهارات الجداول الحسـابية لدى تلاميذ المرحلة الإعدادية، مجلة دراسـات في التعليم الجامعي، مركز تطوير التعليم الجامعي، كلية التربية، جامعة عين شــمس، (٤٩)، ٨٩٣-٩٢٨.
- محمود عبد الحليم المنســي: (٢٠١١)، مناهج البحث فى مجالات التربوية علم النفس، دار المعرفة الجامعية للطبع والنشر والتوزيع، مصر، الاسكندريه
- المشهدانى، سعد سلمان: (٢٠١٩)، منهجية البحث العلمى، دار أسامة/ نبلاء للنشر والتوزيع، الاردن
- مهدي، حسن ربحي: (٢٠٠٦)، فاعلية استخدام برمجيات تعلمية على التفكير البصري والتحصيل في تكنولوجيا المعلومات لدى طالبات الصف الحادي عشر، (رسالة ماجستير غير منشورة الجامعة الإسلامية بغزة فلسطين.
- الوكيل، حلمي احمد وحســين بشــير محمود: (٢٠٠١)، الاتجاهات الحديثة في التخطيط وتطوير مناهج المرحلة الأولى، دار الفكر العربي، القاهرة


## سەرچاوەی بەزمانی کوردی


- میکە، هەردی مهدی: (٢٠٢٠)، وتاری پەروەردەیی خوێندنی ســەرهێڵ، گۆڤاری ئایندە ناســی، ژمارە ٤ تشرینی دووەمی، سنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندە، سلێمانی


## سەرچاوە بەزمانی ئینگلیزی


- -Guzer ،Bayram and Caner Hamit.(2013).*The Past ،Present and Future of Blended Learning an in Depth Analysis of literature* ،Eastern Mediterranean University ،Faculty of Education ، Department of Educational Scince ،Famagusta ،North Cyprus

# أثر استراتيجية التدريس المدمج على تنمية التفكير البصري لدى طلاب العلوم الاجتماعية

(مقتبس من أطروحة الدكتوراه)

م.م.سۆران حمەامین احمد
جامعة السليمانية
soran.hamaamin@univsul.edu.iq

أ.م.د.حسن فخرالدين خالد
جامعة السليمانية
hassan.khallid@univsul.edu.iq

ملخص البحث

هدفت هذه الدراســـة إلى تحديد مدى فاعلية اســـتراتيجيات التدريس المدمج في تنمية التفكير البصـــري لدى طلاب الســـنة الثالثة في قســـم العلوم الاجتماعية، كلية التربية الابتدائية، جامعة الســليمانية. ولتحقيق هدف الدراســة تم اســتخدام المنهج التجريبي .يتكون مجتمع البحث من ٧٩ طالبا من طلاب السنة الثالثة في قسم العلوم الاجتماعية جامعة السليمانية للعام الدراسي (٢٠٢٢-٢٠٢٣). حيث تم اختيار عينة مكونة من ٦٠ طالبا وقســـمتهم إلى مجموعتين. كل مجموعة تتكون من ٣٠ طالبا، الاولى قسـمت إلى المجموعة الضـابطة لدراسـة المادة من خلال التدريس المنتظم و٣٠ طالبا الاخرين إلى المجموعة التجريبية لدراسة استراتيجية التدريس المدمج؛ - تم فصل ١٩ طالبا بســـبب التعادل والغياب. وتمت مطابقة العينة حســـب متغيرات العمر والذكاء والمســـتوى المهاري، ثم تم إجراء اختبار لمهارات التفكير البصـــري مكون من ٢٠ فقرة، والذي يتكون من خمس مهارات، وتتضمن أربعة أسئلة لكل مهارة، وكانت معادلة الدراسة هي برنامج spss ومن خلال إجراء الاختبارات الأولية والبعدية وجمع البيانات والتحليل الإحصائي، توصل البحث إلى ما يلي: وجود فرق ذو دلالة إحصـائية بين متوســط درجات طلاب المجموعة التجريبية والمجموعة الضـابطة. إن اســتخدام اســتراتيجيات التعلم المدمج له أثر كبير في تنمية التفكير البصـري لمادة تاريخ العراق الحديث والمعاصـر لدى الســنة الثالثة قســم العلوم الاجتماعية. كما يوجد فرق ذو دلالة إحصــــائية بين المتوســــطين الحســــابيين للاختبار القبلي والبعدي لدى طلاب المجموعة التجريبية في تنمية التفكير البصــري. ويوصـــى المعلمون بالاهتمام باســـتخدام اســـتراتيجيات التدريس المعاصرة وخاصة استراتيجيات التدريس المدمج .

الكلمات المفتاحية: (التعلم المدمج، التفكير البصري، التاريخ، استراتيجية، التنمية)